كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6-12-2007 0:09

**هەنگاو بۆ مادەی 140هەبوو، مردوو بیهاوێژێ یا خەوتوو... ؟! هیوا کۆیی**

rojgar_koyi@yahoo. com

لەبەهاری 2003وە، ترسی گەڕانەوەی کرکوك بۆنێو سنوری هەرێمی کوردستان لەلایەن نەیارانی کوردەوە هاتەکایەوە، ئەمەبوو هەوڵی جدیاندا بۆ پەککستنی هەرهەوڵێك کە بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بدرێ بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەبەرامبەریشدا دەسەڵاتی کوردی بێخەم بوو لەهەمبەر ئەو هەوڵانەی کە بۆ پەککستنی هەوڵی ماددەی 140 دەدران، لێدوان و ڕەتکردنەوەی هەڕەشەکان لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن تاکە هەوڵی بێ هەنگاوی دەسەڵاتی کوردی بوو، ئێستا ڕونو ئاشکرا دەبینین کەهەوڵەکانی دژ بە مادەی 140 ئامانجی خۆیان پێکاو ئێستا دەستور کەمتر لەمانگێك دەرفەت دەدا بۆ ئاسایی کردنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان.

بەهەمان تێڕاوانینی نەیارانی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك، بەدەوڵت بونی کوردیش کە هێشتا کاری بۆ نەکراوە،

ترس و هەوڵی تێکدەرانەی ڕەوشی کوردستانی لەلای نەیارانی کوردەوە هێناوەتە ئاراوەو بەهەڕەشەی سنوربەزاندن و داخستنی سنور هەوڵی پەککستنی پێشڤەچونی کوردستان دەدەن لە هەر ڕویێکەوە کە کوردستان بەخۆیە وە ببینێ.

کەمتر لەمانگێك کاتی یاسایی ماوە بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 لەدەستوری عێڕاق بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری کرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تری هەرێمی کوردستان، کەچی هێشتا لێدوانە کوردیەکان لەهەرێمی کوردستان ئومێد بەخشانەترو پڕباوەڕتر دەردەبڕدرێن، لەبەرامبەردا هەنگاوەکان هێورترو ئارامتر دەنرێن و یاساییانەش جێبەجێکردنی مادەی 140 لەو ڕەوشە دەرچوە کەتەنیا بەلێدوانی گەرمو بەم هەوڵە کیسەڵ ڕێکردنە ئاساییانە هەوڵی جێبەجێکردنی بدرێ، لەکاتێکدا هەفتانە زۆرێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێڕاق تایبەت لایەنی سونی کەلیستی بەرەی تەوافوق پێکدەهێنن، داوای هەڵوەشاندنەوەی مادەی 140 دەکەن.

بەلای خەڵکەوە سەیرە کە کورد چۆن دەتوانێ بە کەمتر لە 30 ڕۆژ ئەم ئامانجە تەنیا بەڕێگەی لێدوانەوە بپێکێ کە بەردەوام گوێبیستیان دەبین، جارجارە سەرۆك وەزیرانی عێڕاق یا کەسایەتیەکی نێو لیستە سیاسیەکانی عێڕاقی لێدوانی ئەوەدەدەن کەوا لەگەڵ جێبەجێکردنی ماددەی 140 دان، بەڵام ئاخۆ وتەی بێ کردار و بەڵێنی بێ هەنگاو کێشەو داواکاری کام لیستو لایەنی عێڕاقی ڕایی کردوە، تابەم ئاسانییە ماددەیەك کە زۆرێك لەلایەنە عێڕاقیەکان نەیارین جێبەجێ بکرێ؟

ساڵانی ڕابردوو تەنگژەی نێوان لایەنە سیاسیەکانی عێڕاقی هاتە ئاراوەو سەرکردایەتی کوردیش بەرەو بەغدا هەنگاویان هەڵێناو بەڕێکەوتن، بەمەبەستی ئاشتاوایی نیشتیمانی و لێك نزیك کردنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی عێڕاق، خۆش باوەڕی و دڵپاکی لایەنی کوردی وای دەڕوانی کە بەم جۆرە هەولانەو دوای ئاشتکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی عێڕاق، نۆبەدێتە سەر جێ بەجێکردنی مادەی 140، بەم چەشنەو بەم پلانەی کە نەیاران دەیانویست، هەوڵەکانی کورد بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 هەر لەچوارچێوەی خەوێك مانەوەو هیچی تر، بەسەرقاڵکردنی سەرکردایەتی کورد بەناکۆکی نێوخۆی لایەنە عێڕاقیەکان چەند ڕۆژێکی تر بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 بەهەدەرچون و نەیارانی مادەی 140یش تەمسیلێکی جوانیانکرد لەسەر شانۆی عێڕاق و لەسەرحسابی کورد، بەوەی کە چەند ڕۆژێکی پڕبایەخیان لەکیس کورد دا، ڕاستیەکیش هەیە کەپێویستە بوترێت لایەنو لیستە عێڕاقیەکان هەرچەند لەنێوخۆیاندا بەربەرەکانێ و ناکۆکیان هەبێت بیروڕاجیاوازبن، بەڵام لەهەمبەرئەوباسانەی کەدەبێتەهۆکارێك بۆ دەستخستنی ماف بۆ کورد، هەمان ئەولایەنانەی کە ناکۆکی نێوخۆییان هەیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەك دەنگ و یەك هەڵوێست و یەك بڕیارن دەبن، وەك یەك دەنگیان بەرامبەر مادەی 140، تەنیا ڕۆژێك بەفیڕۆدان لە كاتی یاسایی جێبەجێكردنی مادەی 140 هەوڵی ئەولایەنە عێراقیانەبو كەناكۆكی نێوخۆییان هێنایە ئاراوە، بەهۆیەوە سەركردایەتی كوردیان بەم كێشانەوە سەرقاڵكردو كاتە زێڕینەكان بۆ جێبەجێكردنی مادەی 140 لەلایەن نەیارانی ئەو مادە یاساییەوە بەتاڵان برا.

داپڵۆسین و بەعەرەب كردنی كورد لەكەركوك دەیان ساڵی خایاند و بەردەوامبو، بۆ هێوركردنەوەی ئەم دۆخەش دەستوری عێراق 2ساڵ دەرفەتی بۆ كورد ڕەخساند تابتوانێ هەوڵی خۆی بۆ ئاسایی كردنەوەی كەركوكو ناوچە دابڕاوەكانی تر وەگەڕبخات 2 ساڵ لەبەرداستابوو كەچی كاری جدی بۆ ئەو مادە یاساییەنەكرا، ئاخۆ سەركردایەتی كورد ئەو زمانە دیالۆگە سیحراویەی هەیە كەبتوانێ باوەڕ بە هەموولایەك بكات كە كەركوك شارێكی كوردستانیە؟ یاخاوەنی كارتێكی ئاوا بەهێزی ئەوتۆیە تابتوانێ لەماوەی كەمتر لە مانگێك بارودۆخی كەركوك ئاسایی بكاتەوە؟

ئەمانە كۆمەڵێ پرسیاری وەڵام ونو بەتێپەڕبونی كات سەردەردەخەن، لێرەدا ئەوەی گرنگەو پێویستە ئەوەیە كە هەڵەكانی دوێنێ و ئەمڕۆ ببنە هەوێنی بیركردنەوەیەكی باشتر لەمەڕ وەدەستهێنانی ئەو مافەڕەوایانەی لەداهاتودا هەوڵ بۆ دەدرێو مێژوو شایەتی قوربانیدانیەكەی داوە، بەدەوڵەتبونی كوردیش هەمان ئەگەرو پێشهاتی مادەی 140ی لەپێشدایە لەكاتی بەواقیعكردنی نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر خەوتین بۆیە تائێستاش خەواڵوانە دەڕوانینە دەوروبەرمان...

KURDISTAN NET

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.